# لەمناڵیی دوورتر.. لەئێستا تەنهاتر

ئیدریس عەلی

( بۆ شادی.. خوشکێك لەودیو دەریاكانەوە )

شەوبوو
وەك مناڵییەكی ترساو
تاریك داچۆڕامە بەرپێی حوزنەوە
وەك عەشقێكی ناكام
تەڵخ چومە بەردەم ئاوێنەی تەمەنەوە،
ژیان لەو دیو
بێدەنگی گوتنەكانی دایكمەوە
چون هەنسك دەدرەوشایەوەو
فوی دەكرد لەبرینەكانی سەر پەڕەی گوڵێك
ئاخر لەوێ
شەیتانەكانی نامۆیی
لەبری هەموو
ساتە مەستیەكانی ئێمە گۆرانی دەڵێن!
وای كەلەوێ
قەفەسی رەنگین
چنراوە بۆ بەیەكگەیشتن..
وای كەلەوێ
زەماوەندی رەنگین سازكراوە بۆ تەنهایی و مردن..!
من بەتەنها خۆمو
مناڵیەكی پێچراو
لە پەتوی ترس و شەرم
تەنها خۆمو
قەسیدەیەكی بسمیل كراو
بەهەنسك و غوربەت
لە نێو یەئسی چیرۆكەكانی شەوێمدا

وەك بەرزەكی بانان لەژیان دەرچووم و
چون زاهیدێك لەماڵی یەقینی خوا دەركرابێ
رووم كردە سەرابە ئاڵەكانی شێت بوون و
تادوایین پلەی لەزەت
ئەڵقەم لەدەوری هیچ گرێدا..
خودایە بمبەخشە
تۆم لەو رەشایی حوزنەدا بەتەنێ بەجێهێشت
تەنهایی بمبەخشە
تۆم لەو سەحرای گریانەدا
بێدەنگ ناشت
ئەی سەحرای دڵ تەنگ تۆش بمبەخشە
كاتێ ئاورم لە كاروانچییە
بێگوناهەكانی زەمەن دایەوە
كاتێكم نەمایەوە بۆ فڕین
بەئاسمانە سامالەكانی هیوادا
تالەوێ چاكوچۆنی
لەو ئەستێر غەریبانەی شار بكەم
كەجار ناجارێك داوەتم دەكەن
بۆسەماو
بۆ دیوەخانە بەجریوەكانی خۆشبەختی..
ئێمە ریزێك كۆتری داخ كراوین
داخ كراو بەدرۆكانی ژیان و
بەبەڵێنەكانی وەفا..
خودایە ئێمە لەودیو زەریاكانەوە
سەوز سەوز كەرەوە
تابڕوا بێنینەوە بەئێوارەیەك
كەباران تیایدا عاشقانە دەباری و
ئێمە خەیاڵمان هەر لەلای سپێدەیەك بوو
بۆ روانین لەدەستە سڕ بووەكانی بەفر..
خودایە تۆ بەسەر دارستانەكانی مناڵیدا بمان رژێنەوە

هەتا تۆبە بكەین لەو پێكەنینە سەناعیانەی ئاسمان..!
من سێبەری منالی خۆم
گۆڕەو گۆڕ لەتەك خۆمەبەم
شارەو شار گریانەكانم پەخشەكەم
ماڵەو ماڵ
ژیان دەگێڕمو
باسی كۆترێكی تەڕیان بۆدەكەم
دوور لەچاوی حیزی راوچییەكان..
باسی زیزبوونی گوڵێكیان بۆدەكەم
دوور لەدەستی زبری باخەوان..
چیرۆكی ئەو چرا گەشبینانەیان بۆ دەگێڕمەوە
كەشەوەهای شەوانی پایز
گوێیان لەمردنەكانی پەروانەو
لەگۆرانییەكانی تەنهایم دەگرتو
من لەبەر خۆمەوە هاوارم دەكرد:
خودایە
پە نجەرەیەكم بدەرێ بۆ روانین..
خودایە گۆچانێكی مەسیحی بۆ سەفەر..
خودایە .. خودایە
گۆرانیەك دەخوازم
مەستم كات وەك دووری
منالمكاتەوە چون تەنهایی
خودایە .. خودایە
وشەیەك بمخاتە رستەیەك ژیانەوە،
كتێبێك فێرم كات
چۆن لەنیوە رێگادا لەت نەبم و
نەڕوخێم..
تا بتوانم لەو دیو دەریاكانەوە هەست بەبوونی نەورەسێك بكەم..
لەو دیو دارستانە دۆزەخیەكانەوە
بۆنی گوڵێك بكەم كاتێ بۆ ژوانی عاشقێك دەچێ!

تادووباره زیندوو ببمەوەو لەوێ بم
تابیرم بێت چەندی ژیان کەڕەتی ئەم غوربەتە بکەم دەکاتە مردن؟
تا یادم بێت چەندی تەنهایی لە لەخەیاڵ دەربکەم دەکاتە ژیان؟